

حەمە کاکە ڕەش

# بابێن دەنگ خۆشەکانی شار بێن



بەردەوام مەستی گەڕان بوو
بۆ دۆزینەوەی تەرمی باڵندە و گوڵەکان
تەرمی باڵندە و گوڵەکانی دەدۆزییەوە
بانگی هەموو دەنگ خۆشەکانی شاری دەکرد
دەیوت وەرن گوڵ و باڵندەکان بلاوێننەوە
گۆرانییە خەمناکەکان بڕژێننە شوێن پێی مەرگەوە
بە کچەکانی دەووت وەک ڕۆژی بوکێنی
خۆتان لە تەل بدەن و خۆتان برازێننەوە
بە منداڵەکانی دەووت وەک ڕۆژەکانی جەژن
جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ و ئاڵ و واڵا لەبەرکەن
بە پیرێژنەکانی دەووت
تەمی خەمی سەر لێوەکانتان بتەکێنن و
چاوەکانتان بۆ دواجار بڕێژن و
نینۆکەکانتان بۆیەکەن و
قژی لوول و شێواوتان شانەکەن و

مەمکە چرچ و لۆچەکانتان کەمێ قوت کەنەوە
دەیووت بابێن پیرەمێردە دڵشکاوەکانی ڕۆژانی باران
ئەو پشکۆیانەی بە ئەستەم
گەرمی ژیان لە دڵ و دەستەکانیاندا ماوە
ئەو لافاوانەی لە دڵۆپێک ئاوی کوژراو دەچن
ئەو پیرەمێردانەی هەناسەیان پڕە لە زریان
زریانێکی خامۆش چاوەکانیان پڕە لە تیشک
تیشکێکی سارد،
باڵەکانیان پڕن لە فڕین
فڕینی ڕۆژانی منداڵی
منالْییەکی بێئۆقرەی دڵشکاو
دڵشکانێک کە هیچ کە سێک پارچەیەکی نابینێتەوە
تا قیامەت
قیامەتێک کە هاتنی لە هیچ و پووچی گوماندا سەرگەردانەو
تاقیامەت هەر دەرناکەوێت وەک قیامەت
بابێن دەنگ خۆشەکانی شار بێن
دنیا پڕ کەن لە گۆرانی
گۆرانییەک دڵی بەردەکان پڕ کات لە ئاو
دڵی ئاوەکان ئاگر بگرێ
گۆرانییەک کەمێک دەرەقەتی بێمانایی مردن بێت
کەمێک نیگەرانییەکانی ژیان
بە ئاو پرژێنی خەیاڵ و سادەیی بسپێرێ
گۆرانییەک توانای کردنەوەی پەنجەرەیەکی هەبێت
بە ڕووی مردندا
یان پەنجەرەیەک لە دیوارە پانەکانی مردن بکاتەوە
بۆ ئەوەی گوڵ و باڵندەکان بتوانن
لەوێوە ئا لەوێوە شینایی ئاسمان و
سەوزایی باخچە ببینن

هەڵمی دەریاکان و تەمی سەر دارستانەکان ببینن
پیاسەی ئێوارانی دڵە غەمگینەکان و
چاوی پڕ گریانی باران و
شەلەشەلی کزەبای مەغریب و
شەوی تەنیایی و خۆکوشتن ببینن
فڕینی پر مانای کۆترەکان و
وەڕینی پڕ غەمی سەگەکان و
بێدەنگی پر مانای عاشقەکان ببینن،
بابێن دەنگخۆشەکانی شار بێن
سۆزی دەنگیان بڕژێننە خامۆشی تەرمەکانەوە
بابێن ئەوانەی ئەهلی عەشقن
ئەوانەی تەنیایی لایەک لە دڵی خواردوون
تەنیایی وەک تەمێک تروسکەی سیمایان دادەپۆشێ
بەسەر تەرمی گوڵ و باڵندەکانەوە دەگریا دەگریا
پێدەکەنی هاواری دەکرد،
دەیووت: ئێستایش ئەو ئێوارەیەم لەیادە
وەک چۆن ئەم تەرمانەم لەیاد ناچنەوە
ئاوا ئەو ئێوارەیەم لە یادە
ئێوارەیەک بوو پڕ ئاشوب پڕ ترس
پڕ نیگەرانی و سەرگەردانی
ئا لەو ئێوارەیەدا بوو گوڵێک لە لێوەکانم ڕووا و
باڵندەیەک منی لەسەر باڵەکانی دانا و فڕی بۆ ئاسمان
لەو کاتەدا واهەستم دەکر من لە نەوەی باڵندە و گوڵەکانم
یان بە منداڵی بە شوێن پێی باڵندەکاندا ڕۆیشتووم
لە گەردەلووکاندا بۆ پەڕی باڵە شکاوەکان و
گوڵە وەریوەکان گەڕاوم.